# ناسیونال عەشایەری کورد و

# بەپەنبوونی دیموکراسییان لەم حەشرەدا!

**محمد غفور**
24-01-2005
mgafor@yahoo.com

**ئیمە،حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق هەمیشە ووتوومانە ناسیونالیزمی کورد وحیزبەکانی،وەبەتایبەت یەکیتی وپارتی، بزووتنەوەیەکی سیاسی عەشایەری کوردن،وناموٚن بەکۆمەلگای مەدەنی کوردستان.ئەم بزووتنەوەیە ورابەرانی هەموو شتیك لەگۆشەی بەرژەوەندیەکانی سەرۆك تیرە وعەشیرەتەکان وچینە دەولەمەندەکانی کوردستانەوە سەیردەکەن.خۆیان وسیاسەت وئایدیۆلۆژیا وفکر وفەلسەفەیان رۆژی سەد جار لەبەر پێیاندا ئەچەمینەوە.کەچی زمانیان لالە وقەلەمیان کارناکات ناوی کریکاران وژنان ومنالأن بهینن وچاویان بەرایی نادات موخالفی سیاسیان ببینن،وەلأمیان بەم بەشە لەخەلکی کوردستان جگە لەگرتن وراونان وتیرۆر و تەقەکردن لییان چی تر بووە! ئەمانە بەسەد ئاوی دیموکراسی بیانشۆیتەوە کەهاتنەگۆ، تەنها زمانی برنەو، وفتکردنی موخالیفانیان دیتەوە سەر زار.بەلی، ئاخر ئەمانە لەزۆنگاوی فەرهەنگی پیاوسالاری ونامووسپەرستی وعەشیرەیی ودواکەوتوانەدا،بەپالپشتی خورافەی مەزهەب ومیللەت ونیشتمان، ئەسپی دۆراویان پێ تاودەدرێ.ئازادی ودیموکراسی لای ئەمان تەنها بەلی ووتنە بۆیان،نە هیچ شتیکی ترا!**

**سەرنجیکی کورت بۆ شاشەی تەلەفزیۆنەکانیان لەم حەشری "هەلبژاردن"دیاندا بەئاشکرا نیشان دەدات کە دیموکراسی لای ئەم حیزبانە چۆن کراوەتە پەنی زەمانە ! ئەمرۆژانە کە کەنالەکانی ئاسمانی وتەلەفزیۆنەکانیان بەهەموو مانایەك خراونەتە خزمەتی بانگەشەی فریوکارانە بۆ هەلبژاردن،وە لیرەولەوێ ئەگەر دەرفەت هەبیت بۆ نیشاندانی نەخشەمەندی وەك دەلین شەقامی کوردی بۆ دەربرینی بیرورایان سەبارەت بەم سیناریۆیە،ئەوا دەگەرین بەدوای کەسانی سەربەخۆیاندا،ودوای پرۆڤەپیکردنیان،فیلمیان لی نیشان دەدەن.من خۆم نەمدیوە تەنها یەك کەسیش لەشاشەی تەلەفزیۆنی ئەم حیزبانەوە توانیبیتی دەرکەوی ولەگەلٔ ئەم مەسخەرەیەدا نەبووبیت!!ئەوان دەلین،بەشداری ودەنگدان بەکورد ئەرکیکی نەتەوەیی ونیشتمانی وئایینییە!رۆژی مەلایین جار ئەم ئاوازە ناسازە بئاخننە گویی خەلکییەوە،بەبێ ئەوەی رەغبەیان لیی هەبیت، هیشتا بەکەمی دەزانن.بەلأم بۆ یەکجاریش ئامادەنین رای ئازادی کریکاریك، بیکاریك، دەسفرۆشیك، لاوان وژنانیك کەگیرۆدەی دەستی دواکەوتووی وپیاوسالاری ونامووسپەرستین، لەو کەنالأنەوە پەخش بکەنەوە. لیرەدا پرسیاریك قووت دەبیتەوە وخەلکی شەریف وئازادیخوازی کوردستان دەبێ بەرەورووی ئەم دەسەلأتدارانەی بکەنەوە،ئایا ئەمە چۆن دیموکراسییەکە کەدەنگی موخالیفی ئەم حەشرونەشرە لەهیچ کەنالیکی راگەیاندنتانەوە نابینرێ ونابیسرێ؟؟ئەگەر دەلین "هەمووگەلی کورد"لەگەلٔ هەلبژاردندایە،ئیتر دیموکراسی کەی پیویستە؟؟وبانگەشە بۆی لەمەسخەرە زیاتر چییە؟؟بەلأم نا بەهەق دیموکراسی هەر ئەمەیە کە هەیە!!کاتیك هیزەکانی ناسیونال عەشیرەیی کوردستان فەرمانی حەشریان دا،هەموو دەبێ ملیان لەموو باریکتر بیت!دیموکراسی لەفەرهەنگی ئەم حیزبانەدا،مانای پەنجەمۆرکردنی بریاریك دژ بەبەرژەوەندی خۆت ! هەروەکو لەم سیناریۆیەدا خەریکن پەنجەمۆری خەلکی بۆ لکاندنەوەی کوردستان بەعیراقەوە وەردەگرن.ئەم حیزبانە بەخۆیان وحەشری هەلبژاردنیان ودیموکراسیانەوە،کاتی لەکارخستنیان هاتووە.موقاتەعەی هەلبژاردن هەنگاویکی عەزیمە لەم راستایەدا.**